# تیشکێک لە شەودا ئەمەی گووت

## ئومێد محەمەد

لەئالگۆڕی عەشقدا
کەوتینە نێو ناوچە مین ڕێژکراوەکانی خۆشەویستی
بوینە سۆپرمانی چیرۆکەکان
لەسوتانی پێستی مرۆڤایەتیا
بوینە خۆراکی ڕەشەبا
بە ئۆقیانوسەکانەوە نوساین
بڕبڕەی پشتمان کردە ملوانکەی سروشت و
لاشەمان بوو بە ناوچەی چەنگێکی گەرم
پێش شۆڕش پاش شۆڕش و
دوای مزراحێنی منالّی
خەونە تەڕو بڕەکانمان
لەبەر هەتاو ووشکە وە بوون
ڕاکە ڕاکە لەسەنگەرداو
ڕاکە ڕاکە بەدوای منالّی گەڕەکدا
ئێمەی کردە تویەکی زڕ
پێش هاتنی نەوسی برسی
پێشبڕکێ ی جەهلمان دەکرد
دوای خەوتنی منالّیمان
گەورەیمان پیاوێکی زۆردەبەنگ دەرچوو
لەئافاتی هەلّچوی ڕووباری ووشەدا
چ موقەدەساتە ڕۆی بە هەدەر
ئەوەی ماوە دوو قاچی درێژی لەڕوو
دوو دەستی لاوازی چەک گر
لەگەلّ تۆپەلّێک لە خوێن و
ڕووبارێک ئارەزووی مردوو
ئێستاکانەلە گەوالّەهەورێک دەچین

چەند حەز دەکەین
دابارین دا نابارین
لە چرای دەواریک دەچین دووکەڵ گرتوو
لەو برژانگە ڕەش ودرێژە دەچین
کە تۆز نوقمی خۆی کردوون
لەو منالەگوێزروان هەڵ کەنانە دەچین
تا ئەژنۆیان لە قوڕدایە و
گیای گۆێزروانیش ناس ناکەن